**KOMISYONA BÛRSAN**
**INSTITUT KURDE DE PARIS**
FONDATION RECONNUE D'UTILITÉ PUBLIQUE
(Décret du 2 mars 1993)

106, RUE LA FAYETTE, 75010 PARIS
Tél. 33-1-48 24 64 64 — Fax. 33-1-48 24 64 66
www.institutkurde.org www.fikp.org
E-mail.: info@fikp.org
**www.fikp.org/burs.htm**

# بوورسی خوێندنی باڵای ئەنستیتووی کورد لە پاریس
# بۆ خوێندکارانی کورد

**داواخوازان پێویستە ئەم دۆکیومێنتانە بە ئەنستیتووی کورد بگەیەنن، دوا مۆڵەت بریتیە لە ٧/٣١ :**

* نامەیەکی دەستنووسی خوێندکار کە تیایدا بابەتی خوێندنی ویستراو، بە ئاشکرایی روون کرابێتەوە.
* دارشتنی کورتەیەک سەبارەت بە خوێندن و زانیاریەکان و ئەو چالاکیانەی کە خوێندکار بە ئەنجامی گەیاندووە بە درێژایی قۆناغەکانی خوێندنی (بەڵگەنامەی خوێندن، زمانی زانراو بە پێی ڕێژەی شارەزایی، چالاکیە جۆراو جۆرەکان).
* فۆتۆکۆپی دیپلۆمی بەدەست هێنراوی خوێندکار لەگەڵ نموونەیەکی وەرگێردراوی پەسەندکراو (مۆرکراو)، بە زمانی ئینگلیزی یان بە فەرەنسی.
* فۆتۆکۆپی پێناسنامەی خوێندکار (پێناسی لەدایک بوون، پاسپۆرت، کارتی نیشتەجێی).

## مەرجەکان :

ئەم تاقیکردنەوەیەی وەرگرتنە کراوەیە بۆ گشت خوێندکارێکی کورد لە هەندەران یان لە کوردستان، کە دەبێت، بە لایەنی کەمەوە، خاوەنی بەکەلۆریا بێت. داواخوازان ناتوانن لە هەمان کاتدا بوورسێکی تریان هەبێت یان یارمەتیەکی ئابووری لایەنێکی حکومەتی یان تایبەتی.

تەمەنی پەسەند کراو بریتیە لە ٢٦ساڵ بۆ خاوەنی بەکەلۆریا و ٣٠ ساڵ بۆ خاوەنانی بەڵگەنامەی خوێندنی باڵا (بەکەلۆریوس). لەبەر چەند هۆکارێکی بەڕێوبەرایەتی و یاساییەوە ئەو خوێندکارە کوردانەی ناسنامەی یەکێک لە وولاتەکانی ئەورووپای یەکگرتوویان هەبێت ناتوانرێت وەربگیرێن.

## لیژنەی بوورس بەخشین :

لیژنەیەک کەلە ٧ ئەندام پێک هاتووە و بریتین لە مامۆستایان و توێژەرانی کوردی عیراق و ئێران و تورکیا و سوریا، کە لە سەرجەمی دۆسیەی داخوازان دەکۆڵنەوە. خوێندکاران بە پێی دۆسیەکانیان هەڵدەبژێردرێن، ئەوانەی کە لە ئەورووپا دەژین داوایان لێ دەکرێت کە بێن بۆ پاریس بۆ چاوپێکەوتن ڕۆژی ١٦ و ١٧ /٩.

لیستی ناوی داخوازەکرانی بوورس کە وەرگیراون ڕۆژی ٩/١٨ بڵاو دەکرێتەوە.

مافی بوورس زیاتر دەدرێت بە ژنان و بە خوێندکاری گەنج و بەوانەی خاوەنی دیپلۆمی زانکۆن و ئومێدوارن بەردەوامی بە خوێندنی دکتۆرایان بدەن، هەروەها بەوانەی کە زمانی کوردی بە ڕەوانی دەزانن.